دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی تاریق

**سوورەی تاریق لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله) وە ٢٢ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە ئاسمان و بە کوتێنەر کە شەو خۆ رادەنێ ﴿١﴾ تۆ چووزانی کوتێنەری شەوگەڕ چییە؟! ﴿٢﴾ ئەستێرەکەی تیشکدەرە ﴿٣﴾ هیچ کەسێ نییە، مەگەر ئەوەی چاوەدێر و پارێزەرێکی بە سەرەوەیە و هەر گیانلەبەرێ نیگاوانی هەیە ﴿٤﴾ جا دەبێ مرۆڤ بنوارێ کە لەچی خەڵق کراوە ﴿٥﴾ لە ئاوی بە فرکە و فیشقە خولڨاوە ﴿٦﴾ ئاوێ کە لە نێوان مۆغەرەی پشت و بەرمەلان و پەراسووی سینگەوە دێ ﴿٧﴾ خوا لەسەر گێڕاندنەوەی ئەو بەوزەیە ﴿٨﴾ ڕۆژێ کە نهێنییەکان ئاشکرا و خۆیا دەکرێن ﴿٩﴾ بۆ ئەو هیچ هێز و یارمەتیدەرێک نییە ﴿١٠﴾ سوێند بەو ئاسمانەی ئاو هەڵدەگرێ و دەیبارێنێتەوە ﴿١١﴾ سوێند بە زەوی خاوەن درز و شینکە ﴿١٢﴾ بەڕاستی ئەم (قورئانە) قسەیەکە جیاکەری هەق و باتڵە ﴿١٣﴾ شۆخی و گاڵتە و کەپ لاف و لاقردیش نییە ﴿١٤﴾ ئەوانە بۆ بەرگیری کردن لەو خەریکن گزی و فزی دەکەن ﴿١٥﴾ منیش چارەی گزی کردنیان دەکەم ﴿١٦﴾ جا تۆ ماوەی ئەم دینەدوژمنانە بدە کەمێکیان لێ ڕاوەستە ﴿١٧﴾

## سوورەی ئەعلا

**لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ناوی پەروەرێنەری هەرە بەرز و گەورەی خۆت بە پاکی ببە ﴿١﴾ ئەو خوایەی کە خەڵقی کرد، جا ڕێک و دروست ئەندامی کرد ﴿٢﴾ ئەو زاتەی کە ئەندازەی گرت، جا ڕێنوێنی کرد ﴿٣﴾ ئەو کەسەی کە چایەر و لەوەڕگەی بەدیهێنا ﴿٤﴾ کردیە شینی ئامال ڕەشی وشک و پووش و پەڵاش ﴿٥﴾ ئێمە بە زوویی (قورئانت) پێ دەخوێنینەوە ئیتر لە بیرت ناچێتەوە دیار و نادیار دەزانی ﴿٧﴾ لەبەریشت ئاسان دەکەین هەتا هاسانترین ڕێگا پەیدا بکەی ﴿٨﴾ جا ئەگەر ئامۆژگاری کەڵکی هەبێ، ئامۆژگاری خەڵکی بکە ﴿٩﴾ بە زوویی ئەوەی دەترسێ پەند وەردەگرێ ﴿١٠﴾ بێبەختترین تاک لەوە دووری دەکا ﴿١١﴾ ئەو کەسەی کە ڕادەکێشرێتە نێو ئاگری بەتینی گەورە ﴿١٢﴾ لە پاشان لەوێدا نە دەمرێ و نە زیندوو دەبێتەوە ﴿١٣﴾ کەسێ کە خۆی پاک بکاتەوە ڕزگارە ﴿١٤﴾ نێوی پەروەرندەی هێنا و نوێژی کرد ﴿١٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بەڵکو، ئێوە ژیانی ئەم دنیایە هەڵدەبژێرن و دەیخەنە پێشەوە ﴿١٦﴾ کەچی ژیانی ئاخیرەت باشتر و خێر و پێزی بەردەوامترە ﴿١٧﴾ ئەم قسە و دەستوورانە لە کتێبە ئاسمانییە پێشووەکاندا هاتووە ﴿١٨﴾ لە کتێبەکانی ئیبراهیم و مووسادا ﴿١٩﴾

## سوورەی غاشیە

**سوورەی غاشیە لە مەککە هاتۆتەخوایَ و بە (بسم‌الله)وە ٢٦ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئایا قسەی غاشیە (بەڵای گەورەی ڕۆژی بەریَ) بە تۆ گەییوە (و بیستووتە چەن ڕۆژێکی داپۆشەر و سەختە)؟ ﴿١﴾ لەو ڕۆژەدا ترس لە دەموچاوگەلێ دەبارێ کە ڕوخساریان ڕەنگپەڕیو و بزرکاون ﴿٢﴾ کۆشەر و ڕەنجدیون (و نەتیجەیان نەگرتووە) ﴿٣﴾ (دەسووتێن و) ڕادەکێشرێنە نێو ئاگری سووتێنەر ﴿٤﴾ لە سەرچاوەی کانیئاوێ زۆر گەرم و داغ ئاویان دەدرێتێ ﴿٥﴾ خۆراکێ بێجگە لە درووی ویشک لە درکەشیلانێ تاڵ و تفتیان بۆ نییە ﴿٦﴾ (خۆراکێ) کە نە قەڵەویان دەکا و نە تێز و برسییەتیان دەشکێنێ ﴿٧﴾ لەو ڕۆژەدا دەموچاوگەلێ هەن تەڕ و تازە و گەشن ﴿٨﴾ کە لە کار و کردەوەی خۆیان ڕازین ﴿٩﴾ لە بەهەشتی چاک و بەریندان ﴿١٠﴾ کە لەودا قسەی پووچ و بێکەڵک نابیسن ﴿١١﴾ لەودا کانیاوی ڕەوان هەیە ﴿١٢﴾ لەودا تەختگەلێ بڵیند هەیە ﴿١٣﴾ زەرک و لیوانیشیان لە لا دانراوە ﴿١٤﴾ پاڵەپشتەکانی ڕیز کریاون ﴿١٥﴾ فەرشگەلی زەربافتی ڕاخراو (زرابێ: موعرەبی کوردی زەربافتە) ﴿١٦﴾ ئایا لە وشتر ناڕوانن کە چلۆن خەڵق کراوە ﴿١٧﴾ لە ئاسمان (ناڕوانن) کە چلۆن هەڵدرواوە ﴿١٨﴾ لە چیاکان (ناڕوانن) کە چلۆن (وەکو) گوڵمێخ داکوت کراون و دامەزراون ﴿١٩﴾ لەم زەوییەیش (ناڕوانن) کە چلۆن ڕاخراوە ﴿٢٠﴾ جا ئامۆژگاری بکە کە تۆ تەنیا پەنددەری ﴿٢١﴾ تۆ فەرمانڕەوا لەسەر ئەوان نیت (کە بە زۆر بڕوایان پێبێنی) ﴿٢٢﴾ مەگەر ئەو کەسەی کە مل بابدا و کافر بێ ﴿٢٣﴾ جا خوا بە جەزرەبەیێ گەورەتر سزای ئەدا ﴿٢٤﴾ گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمەیە ﴿٢٥﴾ لە پاشان خۆمان بە کاریان ڕادەگەین ﴿٢٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi